www.kurdistannet.org
1-7-2006 11:32  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سۆسیالیست ئینتەر ناشیونالْ لە ماوەی داهاتوودا هەڵوێستی لەبارەی کەرکوکەوە بڵاو دەکاتەوە ... ئامادە کردنی: زانا گەلاڵی

نۆروێژ



ماوەیەک بەر لە ئێستا بۆ یەکەمجار لە مێژوی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناشیونالْ کۆنفڕاسی سالانەی خۆی لە کوردستان ئەنجام دا، یەکێ لە ئامادە بوانی کۆنفراسەکە خانمێکی کورد بوو بە ناوی سۆلاف خانەقینی ئەندامی پارتی کاری نەڕویجی یە کە گەورە ترین پارت و کۆنترین پارتە لە نەڕویج ئێستا لە دەسەڵات دان لە ۸/۱۸۸۷. ۲۱ دامەزراوە بۆیەکەم جار لە ساڵی ۱۹۰۳ لە پەرلەمان ئەندامی هەبووە لە ساڵی ۱۹۲۷ پارتی کاری نەڕویج گەورەترین پارت بووە ساڵێک دوای ئەمە توانی حکومەت پێکبهێنێ سەرۆک وەزیرانیش لەوان بوو کە ناوی کریستۆفەر بوو، ئێستا سەرۆکی ئەم پارتە ناوی یەنس ستولتین بێرگ-ە لە هەمان کاتدا سەرۆک وە زیرانی نەڕویجیشە. سۆلاف خانەقینی جگە لەوەی بە نوێنەری پارتەکەی هەڵبژێردرا کە بەشداری لەم کۆنفراسە بکات لە هەمان کاتدا بەرپرسی تۆڕی ژنانی شاری ئاسکەرە لە ساڵی۲۰۰۵-۲۰۰٦ وەک ئەندامی شارەوانی بەشداری کردووە ئەم خانمە وەک نوێنەری پارتەکەی ئامادە بوو لەم کۆنفراسەی کوردستانداو بە مەبەستی ئاگادار بون لە کارەکانی کۆنفراسەکەو گرنگی بە ئەندام بونی ئەم ڕێکخراوە و کارەکانی بە پێوەستمان زانی دیدار لەگەڵ بە ڕێز سۆلاف خانەقینی ساز بدەین کە. لێمان پرسی

**سۆلاف کێیە؟**

سۆلاف / ناوم سۆلاف ە خەڵکی شاری خانەقینم ئێستا دانیشتوی وولاتی نۆڕویژم لە شاری ئاسکەر کۆلیژی زانستە سیاسیەکان ئەخوێنم لە وولاتی نەرویج هەروەها کۆلیژی مافی مرۆڤ ئەخوێنم لە هەمان کاتدا.

**زانا گە لا ڵی / دۆستایەتی پارتەکەت لەگەڵ کورد بە گشتی (ی. ن. ک) بەتایبەتی چۆنە؟**

سۆلاف / لەگەڵ کوردا پارتەکەم دۆستایەتیەکی باشی هەیە هەروەها لە ڕێگەی هاوبیری سۆسیال دیموکراتەوە زیاتر لەگەڵ (ی. ن. ک) هاوپەیمانە هەر لە کۆنەوە بەڵام لە دوای ساڵی ۲۰۰۰ بە هۆی سەردانی هەندێک لە ئەندامانی ی. ن. ک بۆ وولاتی نەڕویج لە پلەی سەرکردایەتی وەک بە ڕێزان (مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەد) زیاتر پەیوەنیەکان تۆکمە تر بوون.

**زانا گە لا ڵی / وەک ئاشکرایە بۆ یەکەم جار لە مێژوی کوردو کوردستاندا جوگرافیای کوردی دەست نیشان بکرێت بۆ ئەم جۆرە کۆنفراسە چ هۆیەک بووە هاندەر کە ئەم ساڵ کوردستان هەڵبژێردرێت بۆ ئەم مەبەستە.**

سۆلاف / بەڵێ یەکەم جارە لە کوردستان بکرێت بەڵام یەکەم جارە لە جوگرافیایەکی هەرێمەک کە ئالاکەی شە کاوە نیە
ﻪﻟun

**زانا گە لا ڵی / کۆنفراسی سۆسیال ئەنتر ناشیونال بۆ چی دەدوێ چی چارەسەر ئەکا ڕۆڵی ئێمەی کورد تیایدا؟**

سۆلاف / میکانیزمی کارەکانی سۆسیال ئەتر ناشیونال هەر ساڵەو لە سەر کێشەو مەسەلەیەکە لە ناوچەیەک دا ساز دەکرێت کێشەی ئیقلیمی و ناوچەیەک چارەسەر ئەکات ڕۆڵی کورد زۆر کارایە لەم کۆنفڕاسەدا چونکە کورد تەنها خۆی پشتیوانی خۆیەتی

**زانا گە لاڵی / وەفدەکە دوای گەڕانەوەی لە سلێمانی لە ڕاپۆرتەکەی دا کوردستانی بە دیموکراسی و بەر قەرار بونی ئاسایش لە قەڵەم دا چی بووە هۆی ئەمەی ئەم ووشانە بۆ کورد بووترێ.**

سۆلاف / بە لێ وەفدەکە ئاگادارە لە دیموکراسی بوونی کوردستان هەروەها بە ئەندام بوونی لە حزبێک و پارتێکی کوردی وەڵامە بۆ دیموکراسی بوون لە کوردستاندا پاش ساڵی ۱۹۹۲ هەنگاوی دیموکراسی ڕۆژانە لە برەو دایە و ئەی سەلمێنێ کە کورد کێیە.

**زانا گە لا ڵی / کێن ئەوانەی لە کۆنفراسەکە بەشدار بون وەک حزب و لایەن؟**

سۆلاف / چەند حزب و ڕێکخراوی کوردی بەشدار بوون لە کۆنفراسەکە بە لام وەک ئەندامی کارا تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوون.

**زانا گە لا ڵی / تۆ وەک ئامادە بوونت لە سۆسیال ئەنتر ناشیونالّ وەکوو ئەندامێتیت لە حزبی کاری نۆرویژی سەردانی کەرکوکتان کرد بینیتان خەڵکی کەرکوک لە وولاتی خۆیدا لە کەمپدا دەژی وە هەڵوێستتان چی بوو؟**

**سۆلاف / وەفدی ئینتەر ناسیونالّ سەردانی ئاوارەکانی کەرکوکی کرد لە یاری گای کەرکوک ئاگادار بوو. وەفدەکە ووتویەتی ئەم شوێنانە ئاسان نیە مرۆڤ تیایدا بژی ئەم خەڵکەش لە ژێر گوشاری دەرونی ناخۆش دان. هەڵبەتە بەرانبەر بەم تابلۆ پڕ ئازارە هەڵوێستی خۆی ئەنوسێ یەکێک لە ئەنجامی ئەتر ناشیونال بڕیری ١٤٠ بوو کە بۆ کورد وە بۆ مەسەلەی کەرکوک سەرکەوتنێکی گەورەیە.**

**زانا گە لا ڵی / ئایا هەڵوێستی ئەتر ناشونالّ بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بە یەک شێوەیە یان تەنها کوردستانی باشورلە ژێر تێبینیایە؟**

**سۆلاف / هەڵوێستی سۆشیال ئەتر ناشونالّ بۆ چارە سەر کردنی کێشەکان لە زەمەنی ئێستا دا تەنها لە باشوری کوردستان دا بووە چونکە باشور ئارامە و ئە کرێ بکرێت بە ژووری بیروڕا گۆڕینەوە بۆ داهاتوی کورد هەروەها لە دانیشتنەکەدا باس لە کێشەی مامەڵە کردنی ئێران لەگەڵ بەشی ڕۆژهەلات دا کرا وە مێژویەک لە ئازارو مەینەتی ڕۆژهەلات کرایە دۆسیەکی تایبەت خرایە بەدەم ڕێکخراوی سۆشیالیست ئەتر ناشیونالیست هەروەها حزبی هەدەب چەمکێک لە ئازارەکانی کوردستانی تورکیا خستە ڕوو.**

**زانا گە لا ڵی / هەست بە چی ئەکەی وەک خانمێکی کورد وەک ئەندامێکی کورد لە پارتی کاری نەرویج وە ئامادە بونت لەم ڕێکخراوە جیهانیە؟**

**سۆلاف / من هەست ئەکەم کە بۆ مێژوو خۆم ئەبینم بە خۆش حاڵیەوە ئەندامێتی پرۆژەیەکی مێژوییم کردووە هەروەک چۆن هەڤاڵ مام جەلال زیاتر لە جارێک ئاماژەی بۆ گەورەیی ئەم کۆنفراسە کرد.**

**زانا گە لا ڵی / دوا ووتەت؟**

**سۆلاف / لەڕێگەی ئێوەوە زۆر سوپاسی سەرۆک مام جەلال دەکەم بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەی لە وەفدەکەی کرد زۆر سوپاسی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەکەم بۆ پێشوازیە گەرمەیان وەخەونی هەموو کورد ئەوەیە کە کۆنفراسی داهاتوو لە کوردستانی گەورە بێت زۆر سوپاس بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ ئەم دیدارە.**

**زانا گە لا ڵی ئێمەش سوپاست ئەکەین بۆ ئەم کاتەی بۆ ئێمەت تەرخان کرد**